گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وڵاتانی کەنداوو هەرێمی کوردستان: پێوەندییێکی پێناسەنەکراو

د. زوبیر ڕەسوڵ ئەحمەد
پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر
عیراق,
zubir.ahmed@su.edu.krd : Email

زانیاریەکانی توێژینەوە
بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن: 25/1/2020
پەسەندکردن: 10/3/2020
بڵاو کردنەوە: زستان 2020

***Keywords;***
*Gulf countries, KRG, GCC, Economoc relations*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.5.1.1

## پوختە

پێوەندی نێوان کوردو بە تایبەتیش هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو تەنیا بۆ دوای ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە. ئەمەش زیاتر پێوەندی هەبووە بە گرنگی پێگەی سیاسی و ئەمنی عیراق لە سیاسەتی وڵاتانی کەنداو. دوایی ڕووخانی ڕژێمی سەدام و تێکچوونی بەڵانسی هێز لە دژی وڵاتانی کەنداو ترسی ئەو وڵاتانە لە ئاییندەی حوکمرانی عیراقی دوایی سەدام و هەژموونی شیعەکان بەسەر دەوڵەتی عیراقدا زیاتر بوو. کارتی کورد لە سیاسەتی وڵاتانی کەنداو پێوەندی بە دوو بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەوە هەیە. یەکەم بە هەڵکشانی ڕۆلی سعودیا کە دەیەوێت ڕۆلێکی هەرێمی بگێرێت لە ناوچەکەدا بە تایبەت دوای نەمانی ڕژێمی سەدام و تێکچونی بەڵانسی هێز لە بەرژەوەندی نەیارەکانی وڵاتانی کەنداو بە تایبەتیش ئێران و تورکیا. خاڵێ دووەمیش ئەوەیە کە سعودیا دەیەوێت ڕۆلی هەبێت لە عیراقدا، بە جۆرێک بتوانێت هاوسەنگیەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروست بکات لە بەردەم دەسەڵات و هەژموونی شیعەکان بەسەر دەوڵەتی عیراقدا .

پێوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو تا ئێستا زیاتر پێوەندی تاکتیکی و بەرسڤن (reaction)بۆ سیاسەتەکانی عیراق بەرامبەر ئەو وڵاتانە، نەوەک پێوەندی ستراتیجی. نزیکبوونەوەی عەرەبستانی سعودیاو بەشیک لە ولاتانی کەنداو لە هەرێمی کوردستان بەزۆری لەو ئانوساتانەدا بووە کە دۆخی عیراق لەبەردەم گۆڕانکاری یان قەیرانێکی هەرێمی دابووەو ولاتانی کەنداو ویستوویانە پشکیان هەبێت لە دارشتنی سیاسەتەکانی عیراق و ئاییندەی حوکمڕانی لە عیراقدا .

## 1. پێشەکی:

مەبەست لە وڵاتانی کەنداو گشت ئەو وڵاتانەیە کە ئەندامن لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ( GCC)، واتا میرنشینی عەرەبستانی سعودیا، ئیماراتی عەرەبی، قەتەر ، عومان، کوێت، بەحرێن. بەڵام مەرج نیە ئەمانە هەمویان هێزی سیاسی ئەکتیف بن لە هاوکێشەهەرێمیەکانی ناوچەکەدا. بە تایبەت دوای قەیرنی سوریا جۆرێک لە ئالۆزی کەوتۆتە ناو ئەندامەکان لەسەر پرسی سیاسیەکانی ناوچەکەدا، وەک ئەو هەڵوێستەی لەبەرامبەر قەتەر وەرگیراوە لە لایەن وڵاتە سەرەکیەکانی ناو ئەنجومەن بە تایبەتیش لە لایەن سعودیاو ئیمارات. بۆیە ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیە مەباستمانە گشت ئەندامانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو نیە. بەڵکو مەبەستمان ئەو ولاتانەیە کە سیاسەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەکی ئەنجوومەن ئاراستە دەکەن و گوزارشت دەکەن لە هەڵوێست بەشێکی زۆری ئەندامان. بە تایبەتیش میرنشینی عەڕەبی سعودیا، دواتریش ئیمارات و کوەیت. بۆیە بەکارهێنانی زاراوەو چەمکی "وڵاتانی کەنداو" لە توێژینەوەیەدا زیاتر مەبەستمان میرنشینی سعودیاو ئیماراتە، کە لە راستیدا لە دوای قەیرانی سوریاو دواتریش هاوپەیمانی جەنگ دژی حوسیەکانی یەمەن ئەو دوو لایەنە رووگەی سیاسەتی وڵاتانی کەنداو دیاری دەکەن.

پێوەندی کوردو وڵاتانی کەنداو پێوەندییێکی زۆر تازەیە و بە وردی دەگەرێتەوە بۆ دوای روخانی رژێمی بەعس (٢٠٠٣) لە عیراقدا، بە تایبەتیش دوای پەسندکردنی دستوری هەمیشەی عیراق لە ٢٠٠٥ کە کورد وەک کیانیکی سیاسی و دستوری دانیپێنرا لە چوارچێوەی هەرێمیکی فیدراڵی لە عیراقدا. هەرچەندە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم چەند نامە گۆرینەوەیەک هەبووە لە نێوان مەلا مستەفای بارزانی و مەلیک فەیسەڵی میری سعودیا سەبارەت بە مەترسی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، بە تایبەت دوایی پەیماننامەی دۆستایەتی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و رژێمی ئەوسای عیراق لە سەڵی ١٩٧٢[1]. بەڵام هیچ بەڵگەیێکی مێژوییمان لەبەر دەست نیە کە وڵاتانی کەنداو هاوکاری ماددی و لۆجستیان پێشکەش بە بزاڤە کوردیەکان کردبێت.

هەڵبەتە مەبەستی سەرەکی ئێمە لە توێژینەوەیەکی وەهادا زیاتر تیشک خستنە سەر دیاریکردنی فۆرمی پێوەندیەکانی وڵاتانی کەنداوە لەگەل هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣، واتا ناساندنی پێوەندیە سیاسیەکانە بۆ ئەوەی بزانین کە چ بنەمایەک ئاراستەیان دەکات. چونکە لە راستیدا پێوەندی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو پێوەندییێکی نەناسراوە لە بواری دیراساتی پێوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا. تا ئێستاش جگە لەو دیراسە کورتەی ماریانا کارۆنتاکی ( Marianna Charountaki ) بە ناونیشانی کورد لە سیاسەتەکانی ئەنجومەنی وڵاتانی کەنداو ( The GCC in Kurdish Politics)  کە زیاتر بریتیە لە کۆمەڵیک چاوپێکەوتن لەگەل کاربەدەستانی هەرێم و دوو قونسڵی وڵاتانی کەنداو، لەوە بەدەر شتێکی ترمان نیە کە لە چوارچێوەیەکی زانستی پێوەندیە

[1] Charountaki, M., (2016) The GCC in Kurdish Politics, Journal of Arabian Studies, 6:2, 201-215, DOI: 10.1080/21534764.2016.1242232, p.204.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێودەوڵەتەیاکاندا پێوەندی هەردوولا شرۆڤە بکات. ئەمە سەرەرای چەند نوسینێکی رۆژنامەوانی لێرەو لەوێ کە لارستیدا ناچنە قاڵبی توێژینەوەی زانستیەوە. بۆیە بە پێویستم زانی بواری پێوەندیەکانی هەردولا لە توێژینەوەیێکی زانستیدا بناسێنین، بە بوون یا نەبوون. واتا ئەگەر پێوەندی هەیە چ شێوازیکەو دواتریش چ بنەماییک ئاراستەی دەکات. بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئایا هیچ جۆرێک لە پێوەندی سیاسی لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو لە ئارادایە؟ ئەگەر هەیە، لەسەر چ بنەماییکەو کام پاڵنەر ئاراستەی دەکات؟

میتۆدۆلۆجی توێژینەوەکە

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بەشتووە بە میتۆدی جۆرێتی – Qualitative Method، بۆ ئەم مەبەستەش چەندان سەرچاوەی زانیاری کۆکردنەوەمان (Data Collection)بەکارهێناوە وەک کتێب، توێژینەوەو جۆرناڵی زانستی، لێدوانی رۆژنامەوانی، دۆکیومێنتی فەرمی. هەروەها بۆ توێژینەوەو دیراسەکردنی ئەو بابەتانە، پشتمان بەستوە بە رێچکەی شیکردنەوە- Analytical Approach، واتا شیکردنەوەی هەڵسوکەوت و دیاردەو کێشە سیاسیەکان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان لە فۆرمێکی تردا، کە لە هەمانکاتدا شیکردنەوەیێکی ووردی وێستگەکانی پێوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە دەگرێتە خۆ. ئەمەش بە مەبەستی روانینی قوڵتر لە کێشەی توێژینەوەکە کە تایبەتە بە دیاریکردنی فۆرمی پێوەندیەکانی وڵاتانی کانداو و هەرێمی کوردستان. بەهەمان شێوە بۆ تێگەیشتن یان دۆزینەوەی ریشەی کێشەکە لە زۆربەی حاڵەتەکان رێگای رەخنەگرتن Critical engagement with sources لە تێکستەکانی پێشووترم بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی جیاوازتر لە دیراساتی پێشووتر. بۆ دەستگەیشتن بەسەرچاوەی زانیاریەکان هەریەکە لە زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی و کوردیم بەکارهێناوە.

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە پێشەکی و چوار بەش. بەشی یەکەم تایبەتە بە کورتەیێکی مێژووی لە بارەی پێوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و ولاتانی کەنداو. بەشی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووەمیش بۆ دیاریکردن و ناساندنی چوارچێوەی سیاسەتی عەرەبستانی سعودیا تەرخانکراوە، بەو پێیەی بەشێکی هەرەزۆری سیاسەتی وڵاتانی هاریکاری کەنداو لە لایەن ئەو وڵاتەوە دیاری دەکرێت. لە بەشی سێیەمیشدا بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێین کە وڵاتانی کەنداو چییان لە هەرێمی کوردستان دەوێت. هەرچی بەشی چوارەمە تایبەتە بەو پرسیارەی ئایا هەرێمی کوردستان چی دەوێت لە وڵاتانی کەنداو. لە کۆتاییشدا دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بە وردی دەخەینەروو.

## چوارچێوەی تیۆری تویژینەوەکە( The theoretical framework )

پێناچیت ڤیرژنە کلاسیکیەکەی تیۆری هاوسەنگی هێز Balance of Power تێۆرێکی گونجاو بێت بۆ لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی ڕەفتارەکانی سیاسەتی دەرەوەی سعودیا و وڵاتانی کەنداو، وەک مەترسیەک لەسەر شەرعیەت و سەقامگیری ڕژێمی سیاسی لە سعودیا[2]. بەڵام ئەوەی ستیڤن وۆڵت (Stephen Walt) بە هاوسەنگی مەترسی (balance of threat) تیۆریزەی دەکات لەوانەیە چوارچێوەیەکی گونجاو بێت بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتارو مەبەستەکانی سیاسەتی دەرەوەی سعودیا. بە پێی تیۆری پارسەنگی مەترسیەکان "هەڵسوکەوتی پەنابردنە بەر هاوپەیمانێتی دەوڵەتان لەگەل لایەنی تر لە دەرەنجامی ئەو مەترسیانەوە دێت کە دەوڵەتێک پێشبینی دەکات لە دەوڵەتانی ترەوە"[3]. پێوەندی وڵاتانی کەنداویش لە هەرێم ئینجا چ تاکتیکێکی کورتخایەن بێت یان درێژخایەن هەر دەچێتە چوارچێوەی ئەو مەترسیانەی کە وڵاتانی کەنداو هەیانە لە ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکادا، بە تایبەتیش دوای روخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ کە دەستی ئێرانی گەیاندە ناو عیراقیش. لە راستیدا دەسەڵاتدارانی سعودیا ئەوەندە ترسی ڕووبەڕوبونەوەی ئایدۆلۆژیان هەیە وەک مەترسیەک بۆ سەر شەرعیەتی ڕژێمی سیاسی لەگەل هێزەکانی تردا، ئەوەندە ترسی ڕووبەڕوبونەوەی سەربازیان نیە لەگەل

[2] Hartman, L., 2016. Saudi Arabia as a regional actor: threat perception at home and abroad. Available online: <<https://www.sciencespo.fr/kuwait-program/wp content/uploads/2018/05/KSP_Paper_Award_Spring_2016_HARTMANN_Laura.pdf >> [Accessed 25/8/2019].

[3] Stephen, W., 1987. The origins of alliances. *Ithaca New York*, *1*, p.87.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێزەکانی تری ناوچەکە[4]. ئەو مەترسیانەی رژێم پێشبینیان دەکات لەسەر هەردوو ئاستن واتا ناوەخۆو دەرەوە. هەر وەک ستیڤن دەیڤد دەڵێت" سەرکردەکانی جیهانی سێەم زیاتر پەرۆشی پاراستنی ئاسایشی رژێمەکانیان تا ئاساییشی دەوڵەت[5]، هەر بۆیەش دەچنە ناو ئۆمنی بەلانسینگ Omni-balancing یان کۆمەڵێک مەترسی، ئەوەی تایبەت بێت بە عەرەبستانی سعودیا زیاتر سەرچاوەکەی ئەو مەترسیانەن کە دەرهاویشتەی سیاسەتە هەرێمیەکانی ناوچەکەن. لە دوای ٢٠٠٣ دواتریش ٢٠١١ ، سەرچاوەی ئەو مەترسیانە بۆ سەر ئاساییشی وڵاتانی کەنداو زۆر زیادی کردووە، هەر لە ئێرانەوە بگرە تا سوریاو عیراق و لوبنان و یەمەن و فەلەستینیش.

بەشی یەکەم/ پاڵنەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی میرنشینی سعودیا

بۆ ئەوەی لە رەفتارەکانی عەرەبسستانی سعودیاو وڵاتانی هاریکاری کەنداو تێبگەین پێویستە سەرەتا لە سیاسەتی دەرەوەی ریاز تێبگەین، روونتر بڵێم بۆ ئەوەی بزانین ئایا چ فاکتەرێک سیاسەتی دەرەوەی سعودیا ئاراستە دەکات. بەشێک لە توێژەرانی ئەو بوارە وای دەبینن کە سەرچاوەکانی سیاسەتی دەرەوەی سعودیا هەردوو دایناميکی ناوەخۆو دەرەوە ئاراستەی دەکەن. واتا سەقامگیری لە ناوەخۆداو ئاسایش لە دەرەوەدا. کە لە راستیدا بواری دووەمیش هەر وابەستەی بواری یەکەمە کە بریتیە لە ئاسایش لەدەرەوەدا[6].

ریاز بۆ بەدەستهێنانی رەوایەتی ناوەخۆی سیستمی سیاسی، تا ئاستێکی زۆر پشت دەبەستێت بە سەرچاوە داراییەکانی کە لە داهاتی نەوت وەدەستدێن. رەهەندی دووەمی ئەم شەرعیەتە کە سعودیا زۆر پشتی پێدەبەستێت سەرچاوەکەی ئایین و ئایدۆلۆژیە کە

---

[4] Gause, F.G., 2003. *The Approaching Turning Point: The Future of US Relations with the Gulf States*. Saban Center for Middle East Policy at the Brookings Institution. P.303

[5] McSweeney, B., 2007. Identity and Security: Buzan and the Copenhagen School: in INTERNATIONAL SECURITY VOLUME I Widening Security, Barry Buzan and Lene Hansen, 2007. P.204.

[6] Nonneman, G., (2005). Determinants and Patterns of Saudi Foreign Policy:‘Omnibalancing’and ‘Relative Autonomy’in Multiple Environments. *Saudi Arabia in the balance: Political economy, society, foreign affairs*, pp.315-51. P.318.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زیاتر لە ئایینی ئیسلام و مەزهەبی سوننە بەرجەستە دەبێت. بەو پێیەی هەردوو شاری پیرۆزی مەککەو مەددینە دەکەونە سعودیا بۆیە ریاز وەک رابەری ئایینی و سیاسی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی رەفتار دەکات. لە رێگای ئەم دوو فاکتەرە سعودیا دەیەوێت قەرەبووی هێزو توانای سەربازی خۆی بکاتەوە وەک هێزێکی هەرێمی لە ناوچەکەدا[7]. بۆ نموونە هەر یەکە لە داعش و ئێران ئاڵینگاری و مەترسی سەرەکین بۆ سعودیا لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژیەوە، لە راستیدا داعش مەترسیەکی راستەوخۆ بوو لەسەر سعودیا بە ڤێرژنی سوننی سەلەفی و ئیخوانی ( Bunzel, 2016). کە تا رادەیەک جیاوازی فکری و ئایدۆلۆگیان هەیە لە گەل مەزهەبی سەرەکی دەوڵەت کە بنەما سەرەکیەکانی لەسەر وەهابیزم دامەزراون.

لە دوای بەهاری عەرەبی رۆلی سعودیا لە ناوچەکەدا هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیوە، بە تایبەت لە دوای نەمانی هێزە هەرێمیە عەرەبەکانی تری وەک عیراق و سوریاو میسر، بە جۆرێک کە سعودیا وەک هێزێکی هەرێمی سەرکردایەتی سیاسی وڵاتانی عەرەبی دەکات. ئەم رۆلە سەرکردایەتیە دەتوانرێت تێبینی بکرێت لە سەر ئاستی کۆمەڵیک دامەزراوەی نێودەوڵەتی وەکو کۆمەڵەی هاریکاری وڵاتانی کەنداو، کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، رێکخراوی هاریکاری ئیسلامی و هەروەها رێکخراوی ئۆپێک[8]. خاڵیکی تر کە تێبینی دەکرێت لە سیاسەتی دەرەوەی میرنشینی عەرەبستانی سعودیا بریتیە لە گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە رۆڵێکی پاسیڤ و بێلایەن بۆ سیاسەتێکی دەرەوەی بەرەنگاری و پشت بەستوو بە کۆمەڵێک سیاسەتی هێرشبەرانە. ئەم رۆلەی سعودیا زیاتر لە سەرکردایەتیکردنی ئەنجومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداو دەردەکەوێت بە تایبەتیش لە کاتی دروستکردنی قەلغانی کەنداو ( Peninsula Shield' ) لە دژی خۆپیشاندانەکانی بەحرەین هەروەها لە سەرکردایەتیکردنی شەڕی یەمەنیش ئەم رۆلەی ریاز بە روونی دیار بوو بەسەر بریاری سیاسی وڵاتانی عەرەبی. لە لایەکی ترەوە کەنداوی عەرەبی/فارسی یەکەیەکی ئاساییشی هەرێمی ئالۆزیی سەربەخۆیە، وڵاتانی کەنداو بە گشتی و سعودیا بەتایبەتی هەمیشە کێشەیان هەبووە لە پاراستنی ئەو ئاسایشە و بەزۆریش پشتیان

---

[7] Hartmann, (2016). P.1

[8] Al Tamamy, S., (2012) Saudi Arabia and the Arab Spring: Opportunities and Challenges of Security, *Journal of Arabian Studies*. P.147

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەستووە بە ولاتانی دەرەکی، بە تایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەڵام مەرج نیە هەموو کات بەرژەوەندی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ هی ئەمریکا یەکبگرێتەوە لە دابینکردنی ئەو ئاساییشە[9]، بۆیە دوای بەهاری عەرەبی بە تایبەتیش لە سەردەمی باراک ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمریکا وڵاتانی کەنداو هەوڵیاندا بۆ دابینکردنی بواری ئاساییشیان گەر هیچ نەبێت هەموو هێلکەکانیان نەخەنە سەبەتەی ئەمریکا. بۆیە ئەو رۆڵەی ئێستا سعودیاو بەشیک لە وڵاتانی کەنداو دەیبینن، بە نزیکبوونەوە لە هەرێمی کوردستانیشەوە دەچێتە ئەو چوارچێوەیە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین کە رووداوەکانی بەهاری عەڕەبی ئەگەر بۆ ماوەیاکی کورتخایەنیش بێت گۆڕانێکیان بەسەر سیاسەتە هەرێمیەکانی عەڕەبساتنی سعودیادا هێنا لە سیاسەتێکی کلاسیکی کۆنسێرڤاتیڤانە بۆ کۆبوونەوەی هێزی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو لە دەستی ریاز، بە جۆرێک کە رۆلێکی سەرکردایەتی هەرێمی ببینێت، بێگومان ئەمەش بەبێ ریسک و ئاڵینگاری و سەرکێشی نابێت.[10] .

بەشی دووەم/ مێژووی پێوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو

سەرەڕای هەندێک پێوەندی کورتی نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەگەڵ میرنشیینی عەرەبستانی سعودیا کە لە چەند نامەگۆرینەوەیەک تێپەر ناکات، پێوەندی نێوان کوردو وڵاتانی کەنداو تەنیا بۆ دوای ٢٠٠٣ دەگەرێتەوە. وڵاتانی کەنداو هەر لە ساتەوەختی رووخانی رژێمی سەدام ترسیان هەبوو لە ئاییندەی حوکمرانی عیراقی دوای سەدام. سەرەتا وڵاتانی کەنداو بە تایبەتیش سعودیا چاودێری دۆخی سیاسی عیراقیان دەکرد و خۆیان بەدوور دەگرت لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوەخۆی عیراق، تاوەکو هاتنە

[9] Kostiner, J., 2009. *Conflict and cooperation in the Gulf region*. VS Verlag für Sozialwissenschaften., 2009. P.240.

[10] Elashmawy, S., 2014. The Foreign Policies of Saudi Arabia and Qatar towards the Arab Uprisings: The Cases of Egypt, Libya and Bahrain. European Consortium for Political Research. <https://ecpr. eu/filestore/paperproposal/2c667447-0f7e-4dd3-a0a2-def571a67394. pdf,> Accessed December, 17, p.2017.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرکاری نوری مالیکی لە ٢٠٠٦ کە ئیتر لەوە بەدواوە ململانێی سوننەو شیعە گەیشتە ئەوپەری، ئێران کۆنترۆلی بریاری سیاسی کرد لە عیراقدا. لە ترسی هەژموونی ئێران، وڵاتانی کەنداو هەڵسان بە پشتگیری کردن سوننەکان و ئەیاد عەلاوی، بۆ ئەوەی گەر هیچ نە بێت رێگا بگرن لە دووبارە دەرچونەوەی نوری مالیکی کە دەکەوتە سالێ ٢٠١٠.

لەدوای ٢٠٠٦ وڵاتانی کەنداو بیریان لەوە کردەوە کە ئەستەمە تەنیا بە پشت بەستن بە سوننەکان کە ٣٠٪ دانیشتوانی عیراق زیاتر نین بتوانن ململانێی حکومەتی مالکی بکەن. بۆ ئەم مەبەستە نزیکبوونەوە لە کورد دەتوانێت هێزێکی زۆرتر بداتە سیاسەتەکانی سعودیا و وڵاتانی تری کەنداو لە عیراقدا. نزیکبونەوە لە کورد بە تایبەتیش لە بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو بژاردەیەکی باش بوو بۆ کەنداویەکان کە زۆر نیگەران بوون لە دۆخی سیاسی عیراقی دوای ٢٠٠٣. بە پێی ئەو دۆکیومێنتانەی کە ویکیلیکس ئاشکرای کرد لە ٢٠١٥ کە بە نهێنی لە وەزارەتی دەرەوەی سعودیا وەک پێشنیارو زانیاری بۆ پاشای سعودیا نێردروان. یەکێک لەو دۆکیۆمێنتانە پێشنیاری ئەوە دەکات کە سعودیا دەبێت لە سوننەو کورد نزیکبێتەوە بۆ بەرگرتن لە دەسەڵاتە تائیفیەکەی مالیکی، بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری دەرەوەی سعودیا پێشنیاری ئەوەی کردووە کە پاشای سعودیا بانگهێشتی بارزانی بکات چونکە کەسایەتیێکی بەهێزە لە عیراقدا[11]. ئیتر وەک بینیمان لە ٢٠٠٧ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر بانگێشتی فەرمی میری سعودیا عبدوڵلا بن عەبدولعەزیز سەردانی ریازی کردوو لە ئاستێکی زۆر بەرزدا پێشوازی لێکرا. دواتریش لە ٢٠١٠ دیسان بارزانی سەردانی سعودیای کرد. لە ٢٠١٥ ش بارزانی جارێکی تر سەردانی ئیمارات و سعودیای کردو لە لایەن مەلیک سەلمان بن عەبدلعەزیز پێشوازی لێکرا[12]. دواتریش بە هۆی هەڵکشانی رۆلی دبلۆماسی هەرێمی

---

[11] WikiLeaks (19 June 2015a) The Saudi Cables, available at https://wikileaks.org/saudicables/doc939.html> [accessed 20/10/2015].
WikiLeaks (19 June 2015b) The Saudi Cables, available at https://wikileaks.org/saudicables/doc68445.html>. [accessed 20/10/2015].
[12] Kurdistan Regional Government, TUE, 13 MAR 2007. <<http://previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=010000&l=12&a=16710.>> and KRG, 16 APR 2010.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردستان و ئەو ڕۆلە گەورەیەی هەرێمی کوردستان لە شەری دژە تیرۆر و داعش بینی لە ٢٠١٦ سعودیا بە فەرمی قونسلخانەی خۆی لە هەولێر کردەوە. ئەم سەردان و پێوەندیانەی هەرێم و کورد لە لایەن کاربەدەستانی عیراق و ئێرانیش چەندین رەخنەو هێرشیان کرایە سەر بە پاساوی ئەوەی سعودیا دەیەوێت بەرەیەکی سوننە دروست بکات بۆ لێدان لە بەرژەوەندیەکانی عیراق و ئێران.

بەشی سێیەم/ وڵاتانی کەنداو چیان لە هەرێمی کوردستان دەوێت؟

کارتی کورد لە سیاسەتی وڵاتانی کەنداو پێوەندی بە دوو بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەوە هەیە. یەکەم بە هەڵکشانی ڕۆلی سعودیا کە دەیەوێت ڕۆلێکی هەرێمی بگێرێت لە ناوچەکەدا بە تایبەت دوای نەمانی رژێمی سەدام و تێکچونی بەلانسی هێز لە بەرژەوەندی نەیارەکانی وڵاتانی کەنداو بە تایبەتیش ئێران و تورکیا. خالێ دووەمیش ئەوەیە کە سعودیا دەیەوێت رۆلی هەبێت لە عیراقدا، بە جۆرێک بتوانێت هاوسەنگیەک دروست بکات لە بەردەم دەسەڵات و هەژموونی شیعەکان بەسەر دەوڵەتی عیراقدا. کورد لە دوای ٢٠٠٣ فاکتەرێکی کاریگەرو ئاکتیڤ بوون لە رەنگرێژکردنی پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا. بە پێچەوانەی سوننەکان کە لەراستیدا زۆر پەرتەوازەو لاواز بوون، بە تەنیا نەیاندەتوانی هیچ گوشارێک دروست بکەن لەسەر دەسەڵاتی مالیکی. بەکارهێنانی پرسی کورد وەک کارتێکی گوشار بۆ گۆرینی رەفتاری سیاسی یان تەنیا وەک فاکتەرێکی گوشاریش بێت، میژوویکی درێژی هەیە لە ئەجێندای وڵاتانی ناوچەکەدا. کارتی کورد وەک فشاری سیاسی چەندین جار لە لایەن عیراق و ئێران و سوریاو، هەتا ئەمریکاش بەکارهاتوون بۆ پێکانی تاکتیکێکی سیاسی[13]. لەم سۆنگەیەوە، ئەگەر سعودیا بیەوێت رۆلی هەرێمی خۆی بەهێز بکات بێگومان پێویستی بە فاکتەری کورد دەبێت لە ناوچەکادا، بە تایبەتیش کە پێوەندیەکانی وڵاتانی کەنداو هەرێم بوارێکی یاسای و

<<http://previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=010000&l=12&r=223&a=34632.>>. [accessed 20/08/2019].

13 عنان، عمان ( ٢٠١٧ ) الدعم الخليجي للأكراد: تغير في التوجهات أم ضغط على أنقرة؟ موجود على الرابط: <<https://www.noonpost.com/content/18529>>. رۆژی سەردانیکردن [٢٠١٩/٨/٢٢].

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دستوری هەیە، بەوپێیەی هەرێمی کوردستان پێگەیەکی فەرمی هەیە لە دەوڵەتی عیراقدا بۆیە ناچێتە خانەی مەمەڵەکردن لەگەل میلیشا یان گروپگەلی دژە دەوڵەت. بەکارهێنانی فاکتەری کوردی بەهۆی ئەو پێگە سیاسیەی کە کورد لەهە چوار وڵاتی ناوچەکەدا هەیەتی (تورکیا، سوریا، ئێران عیراق) پێویستییێکی حەتمیە بۆ هەر هێزیک کە بیەوێت گوشار دروستبکات لەسەر هێزە هەرێمیەکانی تر، بە تایبەتیش لەسەر تورکیاو ئێران کە دوو هێزی هەرێمی سەرەڕۆن لە ناوچەکەداو هەمیشە دەستێوەردان لە وڵاتانی تردا دەکەن بە تایبەتیش وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کە بواری چاڵاکی میرنشینی عەرەبی سعودیان. سعودیا خۆی بە نزیکتر دەزانی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە هەردوو هێزە هەرێمیەکەی تر.

لە راستیدا کۆمەلێک فاکتەری تریش رۆلیان هەبوو لە نزیکبوونەوەی وڵاتانی کەنداو لە هەرێمی کوردستان.

- باڵادەستی ئێران بەسەر عیراق، بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی شیعیزم لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە سوریاو عیراق. دوای نەمانی بەربەستی دەسەڵاتی بەعس لەبەردەم ئێران کە لەراستیدا رێگر بوو لە تەشەنەکردنی هەر جولانەوەیەکی ئایدۆلۆژی کە بۆنی شیعەگەری لێبیت، ئیتر ئەو رێگایە خۆش بوو بۆ ئیران بۆ ئەوەی جومگەکانی حوکمڕانی لە لایەن هێزەکانی نزیک لەخۆی کۆنترۆل بکات. بە تایبەت دوای دروستکردنی میلیشاکانی حەشدی شەعبی کە خەریکە دەستدەگرن بەسەر هەردوو سێکتەری سیاسی و سەربازی دەوڵەتی عیراق. وڵاتانی کەنداو چانسی کارکردن و دورخستنەوەی عیراقیان لەبەردەم دانەما، بۆیە بە ناچاری دەبێت بیر لە فاکتەری لاوازکردنی دەسەڵاتی شیعەکانی عیراق بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سوننەو کورد دوو بژاردەی باشن، چونکە بەردەوام لە ناکۆکیدان لەگەل دەسەڵاتی بەغدا.
- هەڵگەڕانەوەی قەتەر لە سیاسەتەکانی وڵاتانی هاریکاری کانداو (GCC) و نزیکبوونەوەی لە تورکیا. بە تایبەت دوای ئەوەی تورکیا بریاریدا هاوکاری قەتەر بکات لەو گەمارۆ ئابوریەی کە وڵاتانی هاریکاری کەنداو بەسەر قەتەریاندا سەپاندووە. بە تایبەتیش دوای راگەیاندنی دامەزراندنی بنکەییێکی سەربازی لە

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قەتەرو ناردنی شارەزای سەربازی بۆ دەوحە، کە بووە هۆی تورەبوونی وڵاتانی تری کەنداو. ئەم ململانێیە لە راستیدا گەیشتە بواری سۆشیال میدیاش بە جۆرێک چالاکوانە سعودیەکان هاشتاگی "سعودیا لەگەل کوردستان" ە "SaudiWithKurdistan" پۆست دەکرد لە بەرامبەر ئەو هاشتاگەی تورکەکان لە ژێر درووشمی "تورکیا لەگەل قەتەرە " TurkeyWithQatar". تا کار گەیشتە ئەوەی بەشێک لە سعودیەکان باسی قەسابخانەی تورکەکانیان دەکرد دژی ئەرمەناکان [14].

- ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی. گشتپرسی وێستگەیێکی تر بوو کە وایکرد هەڵوێستی زۆر لەوڵاتان روونتر دەربکەوێت نەک هەر بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەڵکو بەرامبەر کێشەی کورد بە گشتی لە ناوچەکەدا. هەرچەندە ناکرێت بشاردرێتەوە کە ئەگەر وڵاتانی کەنداو سەرپشک بکەی لە نێوان عیراقێکی کۆنترۆڵکراو لە لایەن ئێران و جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عیراق، ئەوا ئەوان سەربەخۆی هەرێم هەڵدەبژێرن. هەرچەندە دەنگۆی ئەوە هەبوو کە پرۆژەی ریفراندۆم بە پاڵپشتی ئیماراتی عەرەبی بووە، بە جۆرێک کە قونسلی ئیمارات لە هەولێر رشید ئەلمەنصوری لە پشت ئەو پرۆسەیە بوبێت[15]، بەڵام لە راستیدا هیچ بەڵگەیەکمان لەبەر دەست دانیە کە ئەو دەنگۆیە پشتراسبکاتەوە. لە لایەکی تر پێدەچێت بەشێک لەو هەوڵانەش پێوەندیان هەبێت بە ململانێ و نێوان قەتەر لە دژی ئیمارات و سعودیا، کە لە راستیدا قەتەر زۆر بە ووردی کاری لەسەر دەکرد.

لە میانەی ئەو لێکدانەوەو شیکارانەی کە ئاماژەمان پێدان دەتوانین بڵێین کە پالنەری وڵاتانی کەنداو بۆ پێوەندی دروستکردن لەگەل هەرێمدا بە زۆری پاڵنەری سیاسین دواتریش ئابوری، چونکە هەردوو بوارەکە لە بەغدا بۆ ولاتانی کەنداو ( سعودیا و ئیمارات) فەراهام نین. وڵاتانی کەنداو بە نزیکبوونەوە لە هەرێم دەتوانن هەردوو فاکتەرەکە تا

---

14 عنان، ٢٠٠٧، سەرجاوەی پێشوو.

15 قناه العالم، الأربعاء ٢١ يونيو ٢٠١٧. دور مشبوه للإمارات في دعم الاستفتاء على انفصال اقليم كردستان؟ الرابط: <<https://www.alalamtv.net/news/1986533/دور-مشبوه-للإمارات-في-دعم-الاستفتاء-على-انفصال-اقليم-كردستان؟>>

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاستێکی باش بپێکن. بەڵا لە راستیدا پێوەندیەکان تا ئێستا زیاتر پێوەندی تاکتیکی و بەرسڤن (reaction) بۆ سیاسەتەکانی عیراق بەرامبەر ئەو وڵاتانە، نەوەک پێوەندی ستراتیجی. بۆیە ناکرێت هەرێمی کوردستان ئامانجی زۆریان لەسەر هەڵبچنێت. بەڵام لەگەل ئەوەشدا پێوەندیەکان سەرەتایێکی باشن، هەرێم دەتوانێت لە رووی سیاسی و ئابورئەوە سودیان لێببینێت. چونکە بوونی پێوەندی زیاتر واتا کرانەوەی دەرگای زیاتر بەرووی هەرێمەوەو دەرچوون لە قاڵبی هەرێمێکی سنوور داخراودا (land locked area). لەلایەکی تر دەتوانین ئەوە بڵێین کە لەگەڵ روودانی هەر گۆرانکاریەک لە دۆخی عیراقی دوای ٢٠٠٣ کە تا ئێستا چەندان وێستگەی گۆرانکاری سیاسی بەخۆیەوە بینیوە، ولاتانی کەنداو ویستویانە پشکیان هەبێت لەو گۆرانکاریانە، ئەمە مان بە ئاشکرا بینی لە ٢٠٠٦ لە کاتی هاتنی مالکی بۆ سەر دەسەڵات، دواتریش لە ٢٠١١ لە کاتی گوشار خستنە سەر مالکی تا هاتنی داعش لە ٢٠١٤. هەروەها لە کاتی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانیش لە ٢٠١٧، دواجاریش لە ئانوساتی ئەو نارەزایانەی کە عیراقی گرتەوە لە نۆڤەمبەری ٢٠١٩، ولاتانی کەنداو بە تایبەت سعودیاو ئیمارات لە گشت ویستگە سیاسیە دیارەکانی عیارقی دوای ٢٠٠٣ ویستویانە پشکیان هەبێت، بۆ هەر جولەیەکیش لە عیراقدا پێویستایان بە کورد دەبێت هاوکاریان بکات. لە راستیدا لە زۆربەی ئەو وێستگانەی ئاماژەشمان پێدان پێوەندیان لەگەل هەرێمی کوردستان هەبووە.

بەشی چوارەم/ هەرێمی کوردستان چی دەوێت لە وڵاتانی کەنداو؟

ئەگەر بۆ وڵاتێکی خاوەن سەروەری پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان گرنگ بن ئەوا بێگومان بۆ کیانێکی نا دەوڵەتی وەک هەرێمی کوردستان کە جیۆپۆلۆتیکێکی سەختی هەیە پێوەندی بەستن لەگەل وڵاتان دوو ئەوەندە گرنگە. هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو رۆلە سیاسەی لە عیراق و ناوچەکەدا هەیەتی پێویستی بە پێوەندی سیاسی و ئابوری لە گەل گشت وڵاتان هەیە بەڵام لەگەڵ وڵاتە دراوسێ هێزە هەرێمیەکان زۆر زیاتر. هەر وەک چۆن بۆ وڵاتانی کەنداو هەرێم دەتوانێت کارتێکی گوشار بێت بۆ کاریگەریکردن لە رەفتاری وڵاتانی تر، بۆ هەرێمیش نزیکبوونەوە لە وڵاتانی کەنداو بە تایبەتیش عەرەبستانی سعودیا دەتوانێت وەک پەیام ناردن بێت بۆ وڵاتانی تر بۆ ئاراستەکەردنی دۆخێکی دیاریکراو، بە تایبەتیش بۆ ئێران، عیراق، تورکیا، هەروەها سوریاش لە ئاییندەدا. لە راستیدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی بۆتە لەمپەر لەبەردەم هەرێم بۆ ئەوەی پێوەندیەکانی فراوانتر بکات لەگەڵ ولاتانی تر، بێجگە لەو وڵاتانەی کە هەرێمی کوردستان سنوری لەگەلیاندا هەیە، ئەو دۆخە داخراوەی سنورەکانی هەرێمە بە وشکانی، ئەمە وای کردووە هەرێم زۆر دەستکراوە نەبێت لە پێوەندیە نێودەوڵەتیەکانیدا.

لە رووی ئابوریشەوە وەبەرهێنانی وڵاتانی کەنداو زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، لەم رووەوە ئیمارات رۆلێکی باشی بینیووە بە تایبەت لە کەرتی ووزە. خودی سەرۆکی حکومەتی پێشوش نێچیروان بارزانی چەندا جەرێک جەختی لەسەر ئەو رەهەندە کردۆتەوە گوتویەتی کە " ئیمارات زۆر کرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوان خۆیان [ئیمارات] پێشنیاری یارمەتیدانی ئێمەیان کردووە، ئێمە پێوەندی باشمان لەگەل گشت وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکار کەنداو GCC هەیە، بەڵام پێوەندیمان لەگەل ئێمارات نزیکترە"[16]. ئیمارات لە بواری وەبەرهێناندا بە ٣,٥ بلیۆن دۆلار لەهەرێم بەشدار بووە. (حەمەد بوامیم) سەرۆکی ژووری بازارگانی دوبەی لە ٢٠١٤ دا ووتی کە ١٣٤ کۆمپانیای ئیماراتی لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن. وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا دۆخەکە بۆ هەرێمی کوردتسان جیاوازترە، بە هۆی ئەو وابەستەیەی هەرێم بە عیراقەوە هەیەتی لە بواری ئابوری و سیاسیەوە، هەندێک جار عیراق گوشار دەخاتە سەر کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا وەبەرهێنان نەکەن، هەر وەک ئەوەی لە بەرامبەر کۆمپانیای ئێکسن مۆبیل ExxonMobil و ئای ئۆ سی IOC کرا[17]. بێگومان بەستنی پێوەندی بۆ هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش لە گەل ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو بێ سەر ئێشە نیە بۆ هەرێم. بۆ نموونە کاتێکی عەرەبستانی سعودیا لە ٢٠١٦ قونسولگەری خۆی لە هەولێر کردەوە، راوێژکاری باڵای هێزە سەربازیەکانی ئێران "یەحیا سەفەوی" لە لێدوانێکدا ووتی "بارزانی رێگایداوە بە دوژمنانی شۆرش کە قونسوڵگەری بکەنەوە لە هەرێم، لایەنگرانی بارزانی دەبێت ئەوە باش بزانن کە ئەوان قەرزداری ئێرانن... کوردەکان پێوەندی مێژووی دەیانبەستێتەوە بە ئێران، چوونە ناو ئەو یاریە سیاسیانە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران

[16] Charountaki, M., 2016, 205.
[17] Wahab, B.,2014. Iraq and KRG Energy Policies: Actors, Challenges and Opportunities. The Institute of Regional and International Studies, p.14.

یارمەتیەکانیان ببڕن"[18]. سەرەرای ئالینگاری پێوەندیەکانی هەرێم و ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو، پێوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی هەردوولا گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو دەتوانرێت لە بواری سیاسیش وەبەرهێنان لەو پێوەندیانەدا زیاتر بکرێت بە تایبەت کە ئێستا هەر یەکە لە وڵاتانی سعودیاو ئیمارات و کوەیت قۆنسوڵگەریان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

دەرەنجام

پێوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی هاریکاری کەنداو پێوەندی زۆر تازەو سەرەتایین و تەنیا دەگەڕێنەوە بۆ دوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە عیراقدا، بەڵام لەگەل ئەوەشدا بواری ئەوەی تێدایە کە پێشقەچونیان تێدا رووبدات و فروانتر بکرێن. پاڵنەری پێوەندیەکانی سعودیا بۆ نزیکبوونەوە لە هەرێمی کوردستان دەچێتە قاڵبی گەران بەدوای گێرانی رۆلێکی هەرێمی لە ناوچەکادا بە تایبەتیش لە عیراقدا، ئەمە هاوکاتە لەگەل هەڵکشانی رۆلی هەرێمی عەرەبستانی سعودیا لە دوای "بەهاری عەرەبی"، هەروەها هاوکاتیش بووە لەگەل هەڵکشانی پێگەی کورد لە عیراق و ناوچەکەدا. دەتوانین بڵێین کە نزیکبوونەوەی وڵاتانی کەنداو لە هەرێمی کوردستان بە زۆری لەو کاتانەدا بووە کە عیراق لە بەردەم گۆرانکاریەک یان دۆخێکی قەیراناویدا بووە، وڵاتانی کەنداو بۆ کاریگەریی و گوشار خستنە سەر عیراق و بە دەستهێنانی کورسیەک لەسەر مێزی پرسی سیاسی عیراق لە هەرێمی کوردستان نزیکبوونەتەوە پێویستییان بە کورد بووە وەک فاکتەرێک بۆ هاوسەنگی دروستکردن بەرامبەر دەسەڵاتی شیعەکان بەسەر دەوڵەتدا.

فاکتەرێکی تری پێوەندی هەرێم و وڵاتانی کەنداو پەیوەستە بە باڵابوونی رۆڵی ئێران لە عیراقدا، بە جۆرێک کە هیچ دەرفەتێک نەماوە بۆ وڵاتانی کەنداو کە بتوانن لە عیراقدا پێگەی سیاسی و ئابوریان هەبێت. نزیکبوونەوە لە کورد بە تایبەتیش لە هەرێمی کوردستان و بارزانی بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵاتی شیعەکان

18 إيران تحذر كردستان من "مغبة التعاون مع السعودية" ضدها.. والحكومة الكردية: لم نهدد طهران ولا نقبل تصريحاتها، سی ان ان بالعربيه، الأربعاء، 09 نوفمبر / 2016 . https://arabic.cnn.com/middleeast/2016/11/09/iran-kurdistan-saudi-cooperation-warning.

بووە لە لایەک و هەژموونی ئێرانیش لە لایەکی تر. چونکە ئاسایشی هەرێمی کەنداوی عەرەبی (یان فارسی) پێشووتریش تا ئاستێکی زۆر پەیوەست بوو بە پێگەی عیراق وەک بەربەستێک لەبەردەم هەڕەشەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، بۆیە باڵادەستی ئێران لە عیراق راستەوخۆ کاریگەری هەیە بەسەر ئاسایشی وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو. فاکتەری ئایینی و مەزهەبی دەکرێت پشکێکی کەمی هەبێت لە نزیکبوونەوەی عەرەبستانی سعودیا و ولاتانی تری کەنداو لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لە راستیدا پاڵنەری سەرەکی پێوەندیەکانیان فاکتەرێکی تەواو سیاسیە بۆ سعودیاو کوەیت، بۆ ئیماراتیش فاکتەرەکە هەم سیاسی و هەمیش ئابوریە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

**Al Tamamy, S., (2012) Saudi Arabia and the Arab Spring: Opportunities and Challenges of Security, *Journal of Arabian Studies*.**

**Charountaki, M., (2016) The GCC in Kurdish Politics, Journal of Arabian Studies, 6:2, 201-215, DOI: 10.1080/21534764.2016.1242232. [Accessed 25/8/2019].**

**Elashmawy, S., 2014. The Foreign Policies of Saudi Arabia and Qatar towards the Arab Uprisings: The Cases of Egypt, Libya and Bahrain. European Consortium for Political Research. <https://ecpr.eu/filestore/paperproposal/2c667447-0f7e-4dd3-a0a2-def571a67394.pdf,> [Accessed December, 17, p.2017].**

**Gause, F.G., 2003. *The Approaching Turning Point: The Future of US Relations with the Gulf States*. Saban Center for Middle East Policy at the Brookings Institution.**

**Hartman, L., 2016. Saudi Arabia as a regional actor: threat perception at home and abroad. Available online: <<https://www.sciencespo.fr/kuwait-program/wp**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**content/uploads/2018/05/KSP_Paper_Award_Spring_2016_HARTMANN_Laura.pdf>> [Accessed 25/8/2019].**

**Kostiner, J., 2009. *Conflict and cooperation in the Gulf region*. VS Verlag für Sozialwissenschaften., 2009.**

**Kurdistan Regional Government, TUE, 13 MAR 2007. <<http://previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=010000&l=12&a=16710.>> and KRG, 16 APR 2010. <<http://previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=010000&l=12&r=223&a=34632.>>. [accessed 20/08/2019].**

**McSweeney, B., 2007. Identity and Security: Buzan and the Copenhagen School: in INTERNATIONAL SECURITY VOLUME I Widening Security, Barry Buzan and Lene Hansen, 2007.**

**Nonneman, G., (2005). Determinants and Patterns of Saudi Foreign Policy:'Omnibalancing'and 'Relative Autonomy'in Multiple Environments. *Saudi Arabia in the balance: Political economy, society, foreign affairs*, pp.315-51. P.318.**

**Stephen, W., 1987. The origins of alliances. *Ithaca New York, 1*.**

**Wahab, B.,2014. Iraq and KRG Energy Policies: Actors, Challenges and Opportunities. The Institute of Regional and International Studies, p.14.**

**WikiLeaks (19 June 2015a) The Saudi Cables, available at https://wikileaks.org/saudi cables/ doc939.html>. [accessed 20/10/2015].**

**WikiLeaks (19 June 2015b) The Saudi Cables, available at https://wikileaks.org/saudi cables/ doc68445.html>. [accessed 20/10/2015].**

**دووەم/ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

**إيران تحذر كردستان من "مغبة التعاون مع السعودية" ضدها.. والحكومة الكردية: لم نهدد طهران ولا نقبل تصريحاتها، سى ان ان بالعربيه، الأربعاء، 09 نوفمبر / 2016.** [https://arabic.cnn.com/middleeast/2016/11/09/iran-kurdistan-saudi-cooperation-warning](https://arabic.cnn.com/middleeast/2016/11/09/iran-kurdistan-saudi-cooperation-warning). **[رۆژی سەردانیکردن ٢٠١٩/٨/٢٢].**

**عنان، عمان ( ٢٠١٧ ) الدعم الخليجي للأكراد: تغير في التوجهات أم ضغط على أنقرة؟ موجود على الرابط:** <<[https://www.noonpost.com/content/18529](https://www.noonpost.com/content/18529)>>. **[رۆژی سەردانیکردن ٢٠١٩/٨/٢٢].**

**قناه العالم، الأربعاء ٢١ يونيو ٢٠١٧. دور مشبوه للإمارات في دعم الاستفتاء على انفصال اقليم كردستان؟ الرابط:** <<https://www.alalamtv.net/news/1986533/دور-مشبوه-للإمارات-في-دعم-الاستفتاء-على-انفصال-اقليم-كردستان؟>> . **[رۆژی سەردانیکردن ٢٠١٩/٨/٢٢].**

## KRG AND ARAB GULF COUNTRIES: UNDIFINED RELATIONS

**Zubir Rasool Ahmed**

**College of Political Science**

**Department of International Relations and Diplomacy**

**Salahaddin university- Erbil, Iraq**

### Abstract

The relationship between Kurdistan Region and Gulf countries started only after 2003. These relations have been influenced by Iraq's place in the political and security calculations of the Gulf countries. After the collapse of Saddam's regime in 2003, the GCC countries tensions in the region even further increased, due to the imbalance of power against GCC and crisis of government in post 2003 Iraq, as well as the hegemony of Shi'a groups on the Iraqi state. It can be argued that the Gulf countries' Kurdish card has been linked with two main goals of GCC foreign policy in Iraq. The first goal is related to Saudi Arabia's objective of playing a major role in the region's politics and in post-2003 Iraq, in particular as a reaction to increasing role of

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Iran and Turkey in the regional scene. The second goal is related to Saudi Arabia's policy of countering Shiite's domination over Iraqi state, through creating a balance among Iraq's major components.

So far, the KRG and GCC relations are more tactical and reactional rather than strategic, and are linked to Iraq's negative attitude towards the Gulf Countries. The GCC has approached KRG mostly during the political developments and political crisis in Iraq in order to benefit from the Kurdish weight in Baghdad and play a role in Iraqi domestic policies.

**دول الخليج و اقليم كردستان العراق: علاقات غير معرفة**

**ملخص:**

نظرا للموقع السياسي والامني للعراق ضمن سياسات دول الخليج، بدات هذه الدول بتاسيس العلاقات الثنائية مع اقليم كردستان بعد سقوط النظام البعثي في عام 2003. وبسبب الاختلال الحاصل في توازن القوى ضد مصالح دول الخليج والمخاوف التي نتجت عن مستقبل الحكم في العراق خصوصا بعد هيمنة الجماعات والاحزاب السياسية الشيعية على النظام السياسي التي تاسست بعد السقوط واخذها بالسيطرة على زمام الامور في بغداد، ازدادت مخاوف دول مجلس التعاون الخليجي في المنطقة.

اما عن ماهية العلاقات الثنائية بين الطرفين نستطيع القول بان الورقة الكوردية متعلقة ومرتبطة بمسألتين اساسيتين ضمن اطار السياسة الخارجية لهذه الدول. الاولى عبارة عن اطماع السعودية في المنطقة والتي تحاول ان تصبح قوة اقليمية مؤثرة اذ ان هذه الاطماع قد ازدادت بعد سقوط نظام صدام والى اختلال توازن القوى لصالح الدول المنافسة لدول الخليج بالاضافة الى بروز الدور المؤثر لكل من ايران وتركيا في الساحة الدولية والمنطقة بشكل خاص. المسألة الثانية تكمن في ان السعودية تهدف الى زيادة هيمنتها في العراق لاجل تقليل النفوذ الشيعي وسلطتها واضعاف قوتها الصاعدة في مؤسسات الدولة العراقية.

من جهة اخرى العلاقات القائمة بين حكومة اقليم كوردستان ودول مجلس التعاون الخليجي عبارة عن علاقات تكتيكية ومبنية على ردود الافعال وانها لم تقم حتى الان على اسس ومبادئ استراتيجية. محاولة اقتراب السعودية وبعض الدول الخليجية من حكومة أقليم كوردستان بشكل عام كانت بسبب بعض التطورات الانية والازمات الناشئة في العراق، لان هذه الدول تسعى لزيادة نفوذها والسيطرة على الية اتخاذ القرارات الحاسمة في العراق والتحكم بمستقبلها السياسي.